ژمارە(٢٤١) هەینی٢٠٠١/٨/٢٤

# ديوانا دلحەزينێ فندكا بۆتان

موسەددق توڤی

د ئەنجامێ كاودانێ دژوارێ گەلێ كورد د سەد ساليا بيستێدا ژياى و ولاتێ وى ل سەد دەولەتێن هەڤسوى هاتيە لێكڤە كرن و هەر دەولەتەكێ ژوانا زمان و رەوشەنبيريا خوە ب دارێ كوتەكيێ ل سەر گەلێ كورد سەپاندى و رێكا لبەر پێشڤەبرنا زمان و ئەدەبياتێن كوردى گرتى، زمان رەوشەنبيريا كوردى يا توشى گەلەك ئاريشان بووى و ئێك ژڤان ئاريشێن هەرە گرنگ ئاريشا وان پيتانە يێن زمانێ كوردى پێ دهێتە نڤيسين.

ل هەر پارچەكا كوردستانێ چ ئەنجامێ كوتەكى سەپاندنێ بيت يان ژى ئەنجامێ كاريگەريا زمان و رەوشەنبيريا دەولەتا داگيركەر بيت زمانێ كوردى ب رەنگە پيتەكێن جودا دهێتە نڤيسين، ل ژێريا كوردستانێ پيتێن عەرەبى ب رێنڤيسەكا تايبەت ب كوردى نێزيكى سەد سالەكانە جهێن خوەيى گرتى، ل رۆژهەلاتێ كوردستانێ هەر ئەڤ پيتە لێ كاريگەريا فارسى ل سەر ديارە دهێنە بكار ئينان، ل باكوورێ كوردستانێ و ل سوريێ ژ دەستپێكا سالێن سيهێ ڤە ئەگەر دەليڤەك ل بەر رەوشەنبيريا كوردى هەبيت پيتێن لاتين جهێ خوە گرتيە و وەشان و چاپكريێن كوردى پێ بەلاڤدبن، ل ئێكەتيا سوڤەتيا جاران نەمازە ل ئەرمەنستانێ زمانێ كوردى ب پيتێن كيريلى«سلاڤ» دهاتە خواندن و نڤيسين، د سەرڤێ هەميێ را دا ل ژوورێ كوردستانێ نەمازە دناڤ تەخا زانيێن ئايين و دەرچوويێن خواندنگەهێن ئايينى هێژ هندەك ديوانێن هۆزانێن كلاسيكى و(كتێبێن ئايينى ب پيتێن عەرەبى بەلێ ب رێنڤيسيا عەرەبى دهێنتە چاپكرن و دناڤ تەخا ناڤبريدا بەلاڤەدبن.

ژ وان بەرهەمان يێن ب پيتێن عەرەبى و رێنڤيسيا عەرەبى ل ڤان سالێن داويێ هاتينە چاپكرن ديوانا «دلحەزينێ فندكا بۆتان»ە، ئەڤ ديوانە ب قەبارێ(٢٢,٥×١٦سم ل سالا ١٩٧٧ێ هاتيە چاپكرن و خودانى ژ بەرچەندين ئەگەران نەڤيايە ناڤێ چاپخانێ ل سەر بێتە نڤيسين.

## دلحەزينێ فندكى كێ يە؟

دلحەزين وەك ئەو بخوە ل بەرپەرێ چوارێ ژ ديوانێ خوە ددەتە نياسين ناڤێ وى«نيعمەتوللا يە كورێ شێخ محەمەدێ فندكى»يە. سالا ١٩٢٦ ێ ل فندكا بۆتان هاتيە سەر دنيايێ، خواندنا خوەيا. ئايينى ل جزيرا بوتان و برياعامودێ خوانديە، د ژيێ خوەدا هندەك جاران ل مزگەفتان ئيمامەت و پێشنڤێژى كريە، هندەك جاران ژى دوكاندارى و جارناژى قونەنتەراتێن ئاڤاكرنا خانى يان گرتينە، ددەمێ چاپكرنا ڤێ ديوانێدا سالا ١٩٩٧ێ ل باژێرێ ئەزييت يێ توركيا دژيا.

## هۆزانا دلحەزينێ فندكى:-

هەروەكى ئەو بخو ل پێشگۆتنا ديوانا خو ئەگەرێ ڤەهاندا هۆزانێن خو ديار دكەت و دبێژيت:-«د سالا هزارو نهسەد و نەهوەتا د مەها هەشتێ دشەڤا ئەينيا پيرۆز نێزيكى سوبەهێ د خەونێدا من دديت كو ئەزێ شعرێ كوردى دخونم، نشكێ ڤە ئەز رابيم من دەست نمێژێ شوشت و من نمێژا سوبەهێ كر، قەلەم و دەفتەر من دا دەستێ خوە من گازى كر رەبێ بانى و من دوعا كرو دەرحەقێ نمێژا ئە ئەينيێ من شعرەك چێكر..»بپ٣!

دناڤ ڤان چەند رێزاندا ديار دبيت كو هۆزانڤانى ل سالا ١٩٩٠ێ دەست ب ڤەهاندنا شعرێ كريە، وەك ئەو بخوژى د داوييا ديوانێدا ديار دكەت ل ٣٠كانونا دووێ ١٩٩٢ێ ئەڤ دوانا چاپكرى ب داوى ئينايە.

بەلێ ئەگەر ب هويرى سەرنجا هۆزانێن دلحەزينێ فندكى بدەين و دگەل هۆزانێن كلاسيكێن كورد بەراورد بكەين، دێ گەهينە وى ئەنجامى كو هۆزانڤانى بەرى ڤێ سالێ شەهرەزايى د هونەرێ هۆزانێ و هۆزانا كوردى دا هەبوويە و لەوما هەر ژ دەسپێكێ وەك هۆزانڤانەكێ خودان شيان هاتيە مەيدانێ و ميناتەڤ هۆزانڤانێن كورد مەدح و غەزەل و پەسن ددیوانا وى دا ديارن، هۆزان ب عەشقا خودێ و پێغەمبەرى و بنەمالا وى و خەليفە و چاكێن ئيسلامێ ڤەهانديە، ل پەى بنەمايێن ئيسلامێ شيرت و ئاموژگارى ل خەلكێ كرينە، دگەل ڤێ هەميێ ژى هۆزانا نەتەوايەتى ڤەهانديەو هۆزانا وى دەربڕينێ ژ دوزا گەلێ



كوردى دكەت.

ئەڤ ديوانا ل بەر دەستێن مە مينا پرانيا ديوانێن كلاسيكێن كورد ب ناڤێ خودێ دەست پێدكەت:-

**ب ناڤێ خودا ئەز كو دەسپێدكم**
**وەپاشى سەناو ئەحمەدا دكم**
**كو رەحما وى عامە ل سەردنيەوێ**
**ئەوادى بخاس و ليوا ئاخرەوێ**
**دخازم كو رەحما وى ل سەر مە هەبن**
**وەك بەلگێ داران و بەحرێ مەزن**

هۆزانێن دلحەزينێ فندكى دەربرينێ ژ هزرو بۆچوونێن وى دكەن، دلحەزين دەرچووێ خواندنگەهێن ئاينييەو پشكەكا ژيێ خو وەك پێشنڤێژو ئيمامێ مزگەفتا بوورانديەو لەوما نە سەيرە ئەگەر چەندين هۆزانێن ديوانا وى دەربرينێ ژ شيرەت و رێنمايى يێن ئايينى بكەن، يان دپەسنا خودێ و پێغەمبەرو چاكێن موسلمانان داڤەهاندين وەك دڤێ هۆزانێدا دبێژيت:-

**محەمەد ئەهلێ قورئانێ دەما ئەو چوو ئەمرئاتى**
**مەلەكا حەق گرێدا وان كو تەڤدا شاهيەك دانى**
**مەلەك هاتن زيارەت كر ب تەعزيم و موشەرەف كر**
**حەبيبێ ئينس ، جينان هات ل سەرمە ئەو شەرەف ئانى**

هزرو بۆچوون و رەوشەنبيريا ئايين يا دلحەزينێ فندكى ئەو ژ عەشقا وەلاتى و هەستا نەتەوايەتى نەدايە پاش، بەلكى پتر ئەڤ عەشق و هەستە لجەم وى ب هێزكرينە و پتريا ديوانا وى ب هۆزانێن نەتەوايەتى هاتينە خەملاندن و پشكا نەتەوايەتى ژ ديوانێ ب هۆزانا«ئەى وەلاتێ پر شيرينە» دەستپێدكەت:-

**ئەى وەلاتێ پر شرينە سەر ب كوفى پشت ريشى نە**
**سەرتە عاشق مێر و بى نە لوا چيايا دگەرى نە**
**سەرچيايا هارو دينن ڤى وەلاتێ دابين**
**دا ب خەملينن وەلاتى مەعدەن و نەفتا دەرينن**

دلحەزين ددیوانا خودا دنێريتە شۆرشێن گەلێن جيهانێ مينا فەلەستين و جەزائيرو ڤێتنامێ ئەوێن د ئەنجامێ خەباتێدا ئازادى ب دستڤە ئيناى، يان هێژ خەباتێ ژ بۆ ئازاديێ دكەن و ژ گەلێ كورد دخوازيت وەك وان سەرهلدەن و خەباتێ ژ بۆ ئازاديێ بكەن:-

**مللەتێ كورد دەست هلينن وەك فەلەستين جان فيدان**
**هەر ببە غيرەت بۆ ئەو زەمانێ شەر بن**
**داكو عالەم تەڤ بزانن هوون دشوغلن جان فيدا**
**(وەك جەزائير هەردەوام كن دێ ژبن دەست دەركەڤن)**

دلحەزين مينا هەر كوردەكێ وەلاتپارێزى دەمێ دنێريتە جوانى خێرو بێرێن وەلاتێ خوە، چاڤێ وى يێ ل وێ رۆژێ ئەڤ وەلاتە ئازاد ببيت و مينا وەلاتێن ئازاد ببتە خودان ئالاو ڤى ئالاى كو هێمايێ ئازاديێيە ل سەرێ چيايێن كوردستانێ بچوكلينيت:-

**نێرگز و سوسن چيانە وان چيايێ كوردستانە**
**باغ و بوستان دورا وانە نمانە بەندا هوگرانە**
**هوگرى بينە بچين عالەما كوردان هلينن**
**سەرسەرێ چيل و چيايان ئالا رەنگى داچكينن**

ديوانا دلحەزينێ ژبلى هۆزانێن ئايينى و نەتەوايەتى چەندين دەرگەهێن دى يێن هۆزانێ هەمبێزكرينە، مينا هۆزانێن دلدارى، جڤاكى، پەسنا نەوروز و سروشت و بوهارێ، ناڤتێدانا خواندن و زانست فێربوونێ، هۆزانێن هەلكەفت و بيرهاتنان و ..هتد.

دهۆزانێن هەلكەفتادا دلحەزينێ هۆزانەك ب سەرەدانا سەيدا عەبدولرەقيب يوسفى بۆ باكوورێ كوردستانێ كو ئەو بخو دبنياتدا خەلكى وى جهێيە ڤەهانديە تێدا دەنگڤەدانا ڤێ سەرەدانێ ل وى جهێ ديار دكەت و دبێژيت:-

**ئەوێ هاتى ب مێهڤانى كوناڤێ وى رەقيبە**
**كو مەشهورە ب علمێ وى كوعلمەك پر غەريبە**
**بوويە شاهى ل ناڤ خالان وەكە خەملا بهاران**
**بهارا سوسن و گول بين هەشين بوونە ل خاران**

هەر وەكى هۆزانڤان دپێشەكيا ڤێ ديوانێدا دبێژيت:«هنژى ڤان شعران ل گورى علمێ عروزێ هاتنە تالبيدا، هنژى ل گورى ڤى زەمانى هاتنە چێكرن..».

ب ڤان پەيڤان و ب پێداچوونا ڤێ ديوانێ ديار دبيت كو هۆزانڤان د ناڤبەرا دوو رەنگێن هۆزانێدا، هۆزانا كەڤن و نوى كاروانێ خوەيێ هۆزانێ ددەتە رێ. هۆزانا كەڤن كو هۆزانا كەڤن و كو هۆزانا كلاسيكى يا كوردى يەو ژ سەردەمێ مەلايێ جزيرى دەستپێدكەت و هەمى پەسنێن هۆزانا كلاسيكى يا عەرەبى تێدا هەنەو دلحەزينێ فندكى دڤى واريدايێ داخبارە ب هۆزانڤانێن كلاسيكێن كورد ڤەو بەرى هەميان ژى مەلايێ جزيرى و ئەڤ داخباريە ژى دگەلەك هۆزانێن ڤێ ديوانێدا ديار دبيت وەك ڤێ هۆزانێ:-

**ئاى لمن چەرخا فەلەك دائيم لمن تەعقيب دكێ**
**شەڤ و رۆژا سەر لمن يەك يەك ب يەك حساب دكێ**
**ئەز دترسم جارەكێ بگرن مەببنە مەحكەمێ**
**مەحكەما دژوار و ئاگر ئەو لمن پەيدا بكێ**

هۆزانا نوى ل جەم دلحەزينێ هەر وەكى وى گوتى«لگورى ڤى زەمانى» ئەو ئاوايێ هۆزانێ يە، كو هوزانڤانى خوە ژهندەك پەسن و مەرجێن هۆزانا كلاسيكى دايە پاش، بەلێ هۆزانا خوە ب ئێك كێش دڤەهينيت و هەردوو رێزێن هۆزانێ يان چوار رێزان ئێك سەروا هەيەو ئەڤ رەنگە هۆزانە ژى نێزيكى هندەك ئاواييێن هۆزانا فولكلورى يا كوردى يە و ل دەستپێكا سەد ساليا بيستێ هەتا ڤێ داويێ ژى پرانيا هۆزانڤانێن كورد ب ڤى رەنگى هۆزانێن خوە دخەملاندن و، دڤى واريداژى دلحەزينێ فندكى پتر يێ داخبارە ب هۆزانڤانێ ناڤدار«جگەر خوين»ڤەو چەندين نموونە دڤێ ديوانێدا هەنە وەك:-

**هەى فەلەك فەلەك هەى زالم فەلەك**
**كانێ كوردستان كالا وێ گەلەك**
**داهوون بخونن تەئريخا كەڤن**
**بگەهن هەڤالێ داخازى خوەستن**
**چ چەپ و راستن تەڤدا هەڤالن**
**دافەرقى نەبين چەحال و مالن**

ل داويێ دێ بێژين دلحەزينێ فندكا بۆتان هۆزانڤانەكێ خودان شيانەو تەڤ دەرگەهێن هۆزانێ قوتاينەو سەركەفتنا ل هندرێ وێ بوويە مێڤان، وى ژى ل هەر وارەكى چەند گۆلە هۆزانەكێن جوان و بهێن خوش چاندينە.

---

# عەبدوڵڵا پەشێو تاسەی دووری دەڵێتەوە

مەغدید رواندزی

**لە رووی ناوەرۆکەوە شیعرەکان تەواوکەری یەکترن یان وەک گوتمان هەردووکیان یەک شیعرن و یەکتری تەواو دەکەن بەچاو پۆشین لە ماوەی نێوان دانانی شیعرەکان**

شاعیری مولتەزیم و دوورە وولاتی کورد، ئەو شاعیرەی هێشتا و هێشتا دوای (٢٥) ساڵ دەنگی دوا فیشەکی شۆڕش لە گوێیدا دەزرینگێتەوە، ئەو شۆڕشەی کە ناوەڕۆکی تراژیدیایەکی مان و نەمانە و پاڵەوانەکەی بەڵێنی دا:

**ئاسمانی شین**
**چەمی زیوین**
**ئاگردانێکی پڕ پشکۆ**
**ساپیتەیەکی سەربەخۆ**
**بۆ قەرەجان دەسگیر بکات(١)**

عەبدوللا پەشێو لە شیعرێکی دا لەژێر ناوی «ئەگەر ئەم جارە بێمەوە» لە ١٧/١٢/١٩٧٥ی شاری مۆسکۆ دوورە وولاتی خۆی لەو شیعرەدا دەربڕیوە. ئەوەی مەبەستە لەو شیعرەدا ئەو ووشەو کەرەستەو ناوانەی شاعیر پەنای وەبەر بردوون بۆ یادکردنەوەی وولاتەکەی بەم شێوەی خوارەوە کورت دەکەینەوەو دەیانخەینە روو کە بەزنجیرە لە ژێر ناونیشانی شیعرەکە «ئەگەر ئەم جارە بێمەوە» ریزمان کردوون:-

قەرسیل گیای تفت سمۆرە دار گوێز
پەڵە هەور گیای سەوز شەنگەبی
چەم زنار کەنار
گوڵەگەنم هەنار سێو زەرنەقوتە
پەرەسێلکە تیل کارەبا رێ جۆگەلە
کانی
قومەئاو دایک ئەشکەوت شەو
گاشەبەرد لانک زمان گڕ لاڵ
شاپەر
فرەندە بێ باڵ لاوان گوڵ گوڵدان
ژوان بەرۆک کچ ئامێز
منداڵان چاوشین شیرین ماڵ
جولانەوە نەرم سادە جەژن مۆم
داگیرسان ئەنگوست گلێنە چاو ساوا
هەڵبەست بێشکە یاد ئەشق
تام تاڵ گڵ قوڕ زللە بێرکۆت شیر
تەش دار بەرد لێستنەوە(٢)

شاعیر ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٧/١٢/١٩٧٥ لە مۆسکۆ گوتووە کە لە دیوانی «شەونیە خەونتان پێوە نەبینم، رۆژنیە لێتان تورە نەبم»دا بڵاوکراوەتەوە و لە لاپەڕەی (٧٣).

(تاسە) پارچە شیعرێکی دیکەی عبداللە پەشێوە کە لە گۆواری سروەدا لە ژمارە (١٦٦) بانەمەری ١٣٧٩دا بەشێکی بە ناوی راست کردنەوە بڵاوکراوەتەوە بەداخەوە هەرچەندە دیارە دەقی هەموو شیعرەکە نیە بەڵام ئەوەی لەوێدا بڵاوکراوەتەوە بەم شێوەیە کە بۆ پتر زانیاری پێویست بە شیعری دووەم دەینووسمەوە:

**تاسە**
**پەلە قاژەمە!**
**بەلکو تازووە،**
**هەندێ گەڵای دار**
**هەندێ بنە گیاو گوڵە کێویلەی**
**ئەوێ دەسگیرکەم**
**ناترسم ناویان... لە یادم بچێ،**
**بەڵام دەترسم**
**بۆنیان لەبیرکەم!(٣)**
**هێلسنکی**
**١٩٩٨/٣/٣٠**

شیعری دووەم (تاسە) نزیکەی دوای (٢٣) ساڵ پاش شیعری یەکەم (ئەگەر ئەم جارە بێمەوە) نووسراوە کە بەهەمان شێوە بە مەبەست بەراوردی کەرەسەو ناوەکانی پێشان دەدەین هەر چەندە لەوانەیە بەشێکی شیعرەکە بێت چونکە من دەقەکەیم نەدیوە.

گەڵا دار بنەگیا گوڵەکێویلە ئەوێ
ترس ناو یاد بۆن بیر

لە شیعری یەکەمی شاعیردا دەربارەی دوورە وولات کاریگەری دەرونی و کۆمەڵایەتی و هەست و هاونیشتمانی شاعیر وەک شاعیرێکی هاوچەرخی مولتەزیم بە تەواوی دەردەکەوێت و ئەوپەڕی تاسەو تامەزرۆی شاعیر بۆ وولات و زێدی خۆی پیشان دەدات، پاش خوێندنەوەی دەقی نیوەیەکەم ئەگەر دووەم بخوێننەوە دەبینین شیعری یەکەم تەواوکەری شیعری دووەمەو بەڵکو دەتوانین بڵێین پارچەیەکە لە شیعری یەکەم بۆ سەلماندنی ئەوەش دەکرێ پارچەی دووەم لە دوای کۆتایی زۆر دێری شیعری یەکەم تێکەڵ بکرێت و خوێنەر بەیەک پارچەی بزانێت.

چونکە کە رادەمێنین لە هەردوو شیعرەکەدا ناوەرۆک یەک شتەو پەیوەندبوونی ئەوەش لە یەکگرتنی ووشەو کەرەسەکانی نێوانیان یەک دەگرێتەوە، وەک لە خستنە رووی وشەو کەرەسەکانی نێوانیان یەک دەگرێتەوە، وەک لەخستنە رووی وشەو کەرەسەکانی هەر دوو شیعرەکەدا دەردەکەوێت، لە بەراوردکردنی ووشەکاندا هاوبەشی بەم شێوەیە وردەگیرێت:

| شیعری یەکەم | | شیعری دووەم |
|---|---|---|
| ئەگەر ئەم جارە بێمەوە | ← | تاسە |
| گیای تفت | ← | بنە گیا |
| دار گوێز | ← | دار |
| گوڵە گەنم | ← | گوڵە کێویلە |
| چەم | ← | گەڵا |
| دایک | ← | ترس |
| بێرکۆت | ← | ئەوێ، کوردستان |
| یاد | ← | یاد بیر |
| ئەشق | ← | بۆن |
| گوڵدان | ← | ناو |

پەشێو لە شیعری دووەم کە نزیکەی پاش (٢٣) ساڵ دایناوە هەمان کەرەسەو وشەی ئەو شیعرەی بە کارهێناون کە لە ساڵی ١٩٧٥دا نووسیویە بەڵام لێرەدا گرنگە وەک رەسوڵ هەمزە تۆف گوتویە (دەکرێ لە ووشەی سادەو ساکار مانای گەورە دروست بکرێن)(٤) کە پەشێویش زۆر بەهرەمەندانە ووشە سادەکانی وا لێ کردون بدوێن و چالاک بن و کار لە ناخی خوێنەر بکەن هەرچەندە نامانەوێت هەموو ووشەکانی بەراوورد بکەین بەڵام بۆ گەیاندنی مەبەستی ناونیشانی شیعری یەکەم (ئەگەر ئەم جارە بێمەوە) بەرامبەر ناونیشانی شیعری دووەم (تاسە) شاعیر بە مانای ناونیشانی شیعری یەکەم ئەوپەڕی تاسەو ئاواتی هاتنەوەی وولاتەکەی دەربڕیوە کەوا ئاواتی وای خواستووە بەس ئەم جارەبێمەوە دا رو بەردو گڵ و قوڕ بەڵکو چی بێتەرێ بیلێسێتەوەو ماچی بکات، هەروەها دەربارەی هەموو ووشەیەکی دیکە هەمان ماناو مەبەستی شیعری یەکەم و دووەم دەگەیەنن بە چاوپۆشین لە بەرواری دانانی هەردوو شیعرەکە.

هەرچی دەربارەی شێوازی شیعرەکانیشەوە هەمان شێوازیان هەیەو مۆرکی پەشێویان لەگەڵ دارسکاوە، هەرچەندە لە رووی تەکنیکەوە جیاوازیەکی بچووک لە برگەی تاک و جووت دا هەیە بەڵام مۆرک و رێبازی شاعیر زاڵە بەسەر شێوازەکەی دا کە رێچکەی خۆی گرتووە.

لە رووی ناوەرۆکەوە شیعرەکان تەواوکەری یەکترن یان وەک گوتمان هەردوویان یەک شیعرەو یەکتری تەواو دەکەن بەچاو پۆشین لە ماوەی نێوان دانانی شیعرەکان، لە پارچە شیعری دووەمی دا شاعیر پتر باسی شت و مەک دەکات و مامەڵە لەگەڵ کەرەسەی بێ گیان دەکات وەک بڵێی مرۆڤەکانی واز لێ هێنابێت رەنگە ئەوە پەیوەندی بە ناوەوەی لێکدانەوەی شاعیر هەبێت، دەبینین شاعیر بەوپەڕی تاسەو تامەزرۆوە پەلەقاژەیەتی و خۆی هەڵدەکوتێت بەڵکو هەتا زووە فریای ئەوە بکەوێت دەستی بگاتە بنە گیایەک و هەر شتێ تا هیچ نەبێت بۆنیان بکات و تاسەی دووری و غوربەتی هەندێک فەراهەم بێت.



ناوەڕۆکی ئەم پارچەیە هەمان ناوەڕۆکی پارچەی کۆتایی شیعری یەکەمە. کە بە تەواوی یەک دەگرنەوەو تێکەڵ دەبن و یەکتری تەواو دەکەن، لە شیعری یەکەم پارچەی کۆتایی شاعیر بەتەوسەوە داروبەردو گڵ و قوڕی لێستۆتەوەو تامی کردوون و بە منداڵی ئەوەی لە هەست و ناخ و ویژدان دا تۆمار بووەو هەرگیزاو هەرگیز لە یادی ناچێتەوە لەلایەکی دیکەوە دووری شاعیر بە چەندین ساڵ لە کوردو کوردستان و دوور لە کەس و کارو گوندو هەڤاڵان، دوور لەو شوێنەی ماوەی ژیانی منداڵی و پەروەردەی تێدا بەسەر بردووە، وای لێ کردووە نەک لە پارچە شیعری یەکەم دڵ و دەروونی ئۆقرە نەگرێت بەڵکو پاش نزیکەی ٢٣ ساڵ هەمان شیعر بڵێتەوەو کاریگەری خۆی بکاتە سەر هەست و ناخی خوێنەر، ئەوەش بۆتە لایەنێکی سەرەکی سەرهەڵدانی شیعری ئاوارەیی. وە شاعیر بەو شیعرە شەوە دڵی دانامرکێتەوەو تاسەی دووری ناشکێت بابەتەکەی لای ئەو کۆتایی هاتووە.

تازەگەری و داهێنان لای شاعیر لە ستاتیکای ووشە سادەو سروشت و راستەقینەکانی پەیوەست بە خاک و کێشەی نەتەوەکەی خۆ بەستنەوەی ویژدانی شاعیرە بەو بابەتە بەرزو گرنگ و سەرەکیەوە، بەرزو باڵا تەماشاکردنی شاعیرو ووردبوونەوە لەو ووشە جوانانەی پەیوەندن بە خاک و کێشەی مرۆڤی کورد، هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتی شاعیریان وەک مرۆڤێک لە کۆمەڵ گەورەو پیرۆزو هەڵوێستکر داگرتووە کە لە خۆشەویستیان تێر نەبێت.

١- عبدوڵڵا پەشێو/ شەونیە خەونتان پێوە نەبینم.
٢- عبدوڵڵا پەشێو/ شەونیە خەونتان پێوە نەبینم.
٣- گۆواری سروە/ ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ژ ١٦٦/ساڵی ١٣٧٩.
٤- داغستانی من/ کتێبی یەکەم (رەسول هەمزە تۆف).

# ئەمانۆیل لڤیناس فەیلەسوفێک بۆ هەموو وەرزەکان

رامین جهانبگلو

و/دلاوەر رەحیمی

یەکەمین جار، (ئەمانۆیل لڤیناس)م لە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆلیژی فەلسەفی زانکۆی سۆربۆن بینی، ئەوکاتانە، لڤیناس هێشتا کارکەنار نەکرابوو، بەشێکی لە کاتی خۆی بە وتنەوەی فەلسەفە خەریک دەکرد، لە (٧٦) ساڵیدا لە سەلامەتییەکی جەستەیی و گیانی بەهرەمەند بوو، زهنێکی بێداری هەبوو، قسەی سەرنج راکێش. کۆری گەرم و پڕ لە سەفای ئەو، خوێندکارانی دەخستە ژێر کاریگەری خۆیەوەو کەمتر گوێگرێک هەبوو کە جارێک لە هۆڵی وانەی وی ئامادەبێت و نەیەوێت جارێکی کە لە کۆڕەکانی ئامادەنەبێ. زۆر جار رێک دەکەوت کە بەبێ گەرانەوە بۆ دەق یا دەسنوسێک ماوەیەک کاتژمێرو نیو لە بارەی فەلسەفەی هۆسرل و هایدگەرەوە دەدواو، لەکۆتاییدا بەنەرەمی و روویەکی گەش و هاورێیانە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، لەو رۆژانە من تازە خوێندکاری ساڵی یەکەمی فەلسەفەبووم، خۆشەویستی و وریایی و ناوبانگی لڤیناس بووە هۆی ئەوەی کە لە هەموو وانەکانی ئامادەبم. هەرچەندە کە وانەکان لە ئاستی خاوەنی بروانامەی پێگەشتوو بوو. هەڵبەتە بە هیچ کام لە بەرهەمەکانی لڤیناس ئاشناییم نەبوو، دەرکی ئەو چەمکانەی کە ئەو لە دەربرینی دیدگای فەلسەفەکەیدا بەکاری دەبرد، بۆ من دژوار بوو، بەڵام دواتر لەگەڵ بەرهەمەکانی ئاشنابووم، کاتم وەدەست هێنا تا لە قوڵایی و تایبەتی وریشەیی بیری وی لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی بەهرەمەند بم. (١٧) ساڵ لە دوورونزیک شوێن بەرهەم و بیرو باوەرەکانی کەوتم. بەڵام هیچ کات ئەوەم بۆ نەلوا، کە بە دیدەنی ووتوێژی راستەوخۆ لەگەڵی بەختەوەر بم. تا لە مانگی ١٩٩٤/٦ لە سەفەرێک بۆ پاریس، سەرئەنجام لەگەڵ ئەو لە نزیکەوە ئاشنا بووم. لڤیناس داوای لێکردم برۆمە ماڵی لە ناوچەی شانزەی پاریس. ئەو پێشوازیەکی گەرمی لێکردم و ماوەی دوو کاتژمێر بە هێمنی و سەبرەوە، پرسیارە جۆراو جۆرەکانی منی وەڵام دایەوە. لە ماوەی ئەو وتویژەدا، هاوسەرەکەی لە تەنیشتیەوە ئامادەبوو جار جار لە نیوان قسەدا، بەهەستێکی تەواو سەرنجی خۆی بۆ سەر قسەکانی زیاد دەکرد.

(ئەمانۆیل لڤیناس) یەکێ لە گەورە ترین و گرنگترین فەیلەسووفانی ئەمرۆی فەرەنسایە، ئەو لەبەشی کۆتایی کتێبەکەیدا، لە ژێر ناوی (ئازادیی دژوار- Difficile Liberte) دەنووسێ: (ژیاننامەی من لەگەڵ هەست و یادەوەری تاوانەکانی نازی دەقی گرتووە) لە بەر ئەمەیە کە لڤیناس یەکێ لەدەگمەنترین فەیلەسووفانی ئەوروپایە، کە توندوتیژی بێ حەد و سنووری تۆتالیتارییەکانی سەدەی بیستەمی لە نزیکەوە بینیوە، بە هاوبایەخی بیری لڤیناس لەناو ئاخنی چەند لایەنەی تێروانین دەکری لە فەلسەفەکەیدا بدۆزرێتەوە. لە روانگەی ژیاری، لڤیناس لە نێوان دوو کەلتووری گرنگ دایە، لەلایەکەوە کەلتووری یە هودی کە لە قۆناغی منداڵی لە ژێر کاریگەری ئەو دابووە، لەلایەکی دیکەشەوە کەلتووری یۆنانی- مەسیحی، کە ئەوی وەک نیشتمانی ئاوەزی خۆی هەڵبژاردووە: بەڵام بیری لڤیناس باڵاتر لەم دوو کەلتووورە هەنگاو دەنێ. ئەو لە ناوکەلتووری یە هودی بۆ بەهاکانی فەلسەفەی عەقلگەرایی چاو دەگێری و لە رووبەروو بونەوەی لەگەڵ کەلتووری یۆنانی- مەسیحی رۆژئاوا، سەرسەختانە لەگەڵ جۆرەبیرێکی فەلسەفیدا روبەرو دەبێتەوە کەهەوڵ دەدا بە پشت بەستن بە تێرامان و بیرکردنەوەکانی فەلسەفەی یۆنانی سەدەی پێنجەمی پێش لە دایکبوونی مەسیح، بنەمای فەلسەفەی بوونی پێ رووناک بکاتەوە. بەم جۆرە، ناکرێ لڤیناس بە (فەیلەسوفی بوون) بەمانای گشتی وشەکە بناسرێ. چونکە خۆی بەبیرمەندێک دەناسێ کە سەبارەت بە (بوون بۆ ئەویدیکە) بیر دەکاتەوە، ئامانجی لڤیناس لە بیری فەلسەفیدا، نەناسینی بوونەو نەناسینی بە(کارای ناسێنەر- Sujet connaissant) کە خۆی وەک خودێکی بە توانا، بونیادو بنەمای سەرپاکی ناسینەکانی جیهان دەزانی. گومانی تیا نییە، کە بۆ لڤیناس گرنگ بیرکردنەوەیە سەبارەت بە (ئامادەیی ئەویدیکە) لە ژیانی ئەم خودە، چونکە بە قسەی لڤیناس، (ئەویدیکە) دەبێتە هۆی زیندانی بوونی خود لە ناو زهنییەتی (خود)دا.

لەبەر ئەوەی، لڤیناس لە نێوان چەند فەیلەسوفێک کە خەریکی توێژینەوەو گەرانن بۆ بوونی بێناونیشان، یانی بەدوای ئەوەی کە لڤیناس ئەوی بە (LIya) یان «بونەوەرێکی لەئارادا نەبوو» ناولێنا- لە رێنساس و نۆژەنی خودێک دەدوێ کە لە بەرامبەر گوناهەکان، هەڵەکان و تەنانەت لەمەرگی (ئەویدیکە) ش بەرپرسە. (ئەویدیکە) لە تێروانینی لڤیناس، کەسێکە کە هەمیشە لە دەرەوەی (من)و ئەودیوی (من)دایە. لە هزری لڤیناس، زمان کات و شوێنی دیداری (من) و (ئەویدیکە) یە. قسەکردن بەمانای نزیک بوونەوەیە لە (ئەویدیکە). لڤیناس دەنووسێ (ئیمکانی وتوویژی نێوان «من» و «تۆ» لەبەر ئەوەیە کە «تۆ» بە تەواوی لەگەڵ «من» جیاوازە).

«من» لە وتوویژ لەگەڵ «ئەویدیکە» دەبێت لە دەسەڵاتی زهنیەتی خۆ دەرچێ و بە «ئەویدیکە» و بۆ (ئەویدیکە) وەڵام بداتەوە. بەڵام چ شتێک دەبێتە هۆ، بۆ رۆشتنی (من) بۆ لای (ئەویدیکە)؟ بە بڕوای لڤیناس ئەوەی کە (من) بۆ لای (ئەویدیکە) رادەکێشێ، ویستی میتافیزیکی جیهانی ئاوەزە، ویستێک کە لە توێژینەوەی (بێسنور)ە، لە (ئەویدیکە). (بێسنور) بەوتەی لڤیناس لە شێوەی ویستێک دەردەکەوێت کە لەگەڵ راکشان بەرەو لای (ئەویدیکە) رێی تێ دەچێ.

ژاک دریدا لە کتێبی (نوسین و جیاوازی - Ecriture etD if- ference) لەم بارەیەوە دەنوسێ (بزوتنەوەی ویستن، تەنها لە وتنی «نا»دا بەویستراو رێی تێ دەچێ) بە دەربڕینێکی دیکە، لەوتوویژی نێوان (من) و (ئەویدیکە) هیچ جۆرە هاوریشەییەک بەدەستەوە نادات. چونکە ویستنی (ئەویدیکە) و لێپرسراوی بەرامبەر (ئەویدیکە) هیچ کۆتاییەکی نییەو، هەمیشە تای ترازو بە قازانجی (ئەویدیکە) دادەبەزێ،کەواتە، بە بڕوای لڤیناس، پەیوەندیی خودو (ئەویدیکە) هەمیشە پەیوەندییەکی نابەرامبەرە چونکە بەرپرسیاریی (من) لەبەرامبەر (ئەویدیکە) هیچ کاتێک بە مانای لێپرسراوی (ئەویدیکە) نییە لە بەرانبەر (من) لەم روەوە، رۆشتنی (من) بۆ لای (ئەویدیکە) تەنها لە بەرویستی میتافیزیکی من لە ناسینی بێ سنور، بەڵام چ شتێک دەبێتە هۆی بوونی ئەم ویستە لەتاکێک کە خۆی بە ناوەندی ریشەیی و ناسێنەری واقعی جیهان لە قەڵەم دەدا؟ لڤیناس وەڵامی ئەم پرسیارە لە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ (مەرگ)دا دەبینێت، ئەو لە یەکی لە گرنگترین بەرهەمی خۆیدا لە ژێر ناونیشانی (زەمەن و ئەویدیکە) دەنووسێ: (مەرگ پەیام هێنی روداوێکە کە خود، تۆکمەیی و دەسەڵاتی بەسەردا نییە، روداوێکە کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو خودئیدی خود نییە) بە دەربڕینێکی تر، مەرگ تەنیا روداوێکە لە ژیانی مرۆڤ، کە ئاگاهی تاک تیایدا بەشدارییەکی راستەوخۆی نییە، چونکە کاتێک مەرگ هەیە، (من) بوونم نییەو کاتێک کە (من) بوونم هەیە، (مەرگ) بوونی دیار نییە، کەواتە مەرگ مەسەلەیەکە بەبێ ویستی پێشبینی، کەتیایدا خود لە چارەنوسی خۆی بێ خەبەرە، لێرەدا دەگەینە بنەمای بنچینەی فەلسەفەی لڤیناس، کە لەم رستەیەدا کورت دەکرێتەوە (ئەو داهاتووەی کە مەرگ بە ئێمەی دەبەخشێ، داهاتوویەکە رووەدات هێشتا نەبووە بە زەمەن، ئەم داهاتووە تایبەت نییە بە هیچ کەسێکەوەو هیچ تاکێک توانای بینینی ئەم داهاتووەی نییە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ئایندەیە ببێت بە توخمێک لە زەمەن، دەبێت لەگەڵ هەنوکەدا پەیوەندی ببەستێ و ئامادەیی داهاتوو لە هەنوکەدا تەنیا لە رێگەی روبەر بوونەوە لەگەڵ (ئەویدیکە) رێ تێ دەچێ).

بەو شێوەیەی کە لە ناو کتێبەکەو لە ناوەرۆکەکەی دا دیارە، لەلای لڤیناس بەپێچەوانەی هایدگەر، چەمکی زەمەن، هەقیقەتی رەهای خۆی لەگەڵ مەرگ نابینێت، بەڵکو لە پەیوەندی لەگەڵ (ئەویدیکە)دا دەیبینێت. لەم بارەیەوە لە تێروانینی لڤیناس، ئەخلاق و پەیوەندی نێوان «من» و «ئەویدیکە» لە بابەتی بوون ناسیەوە یەکەمینی هەیە.لڤیناس بەپشت بەستن بە فینۆمینۆلۆژیای رۆخساری مرۆڤ هەوڵ دەدا تا لەگەڵ بەرزبوونەوە لە بوناسی هایدگەری بگاتە چەمکی لێپرسراویەتی، یانی پانتایی بنچینەیی پەیوەندی نێوان «من» و «ئەویدیکە» بە دەست کەوێت.

لە دیدگای لڤیناس (لێپرسراویەتی بەرامبەر «ئەویدیکە» گرنگترین زەرورەتی ئەخلاقییە، کە هەمیشە بە ناوی پێوەندییەکی یەک لایەنەو نابەرابەر رەفتار دەکات.بە مانایەکی دیکە من) لێپرسراوی «ئەویدیکە»م، بەڵام لە بەرامبەر لێپرسراوی «خود» سەبارەت بە «ئەویدیکە»، نابێت لەوێش هیچ چاوەروانیم هەبێت، هەروەکو لەوێوە کە (ئەویدیکە) ئامادەگی هەمیشەیی هەیە. بە دەربرینێکی تر، تەنانەت پێش لەدایکبوونی (من) بوونی هەبووە، دواجار بە وتەی لڤیناس لێپرسراوی سەبارەت بە (ئەویدیکە) (لە سەرەتاش دێرینەترە) و لە رابردوویەکی کۆنەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە بەم جۆرە لە دیدی لڤیناس، لێپرسراویەتی سەبارەت بە «ئەویدیکە» پایەو ریشەی هەموو بونیادەکانە و دەکەوێتە ئەودیوی جەوهەری (خود) ەوە. دەکرێ بڵێین بۆ لڤیناس دیدار لەگەڵ (ئەویدیکە) لە رێگای دیدار لەگەڵ (ئەویدیکە) ئاسانتر دەکرێت و ئەمەش خۆی دیدارێکە لەگەڵ (بێ سنور) لڤیناس لێرە بەگەرانەوە بۆ بیری دیکارتی (تأملات، بەتایبەت، بەشی سێیەم) لە بەشی یەکەمی ئایدەی (بێ سنور) سەبارەت بە ئایدەی (سنوردار) دەدوێت، لە بەرهەمان هۆیەکە لە دژایەتی راستەوخۆ لەگەڵ (خود ناسی) هۆسرلی دەوەستێ، هۆسرل بەو مانایانەی کە هەڵگری کەمکردنەوەی یەک دەکەوتن نەبن، نەیارە، بەڵام بۆ لڤیناس (هەبوون بۆ ئەویدیکە) خود، جۆرە مەسەلەیەکی (ئاگاهی) (Intentionalite) توانای وێنە دانەوەی نییە. بەهەمان شێوە لە تێروانینی لڤیناس لە روبەروبوونەوەی دوو مرۆڤ، یانی ئەخلاق،پێویستی بە هیچ جۆرە بونیادێکی بوون ناسیەوە نییە. بەم جۆرە لڤیناس بە پێچەوانەی هایدگەر کە کۆمەڵایەتی بوون (Socialite) تەنیا لە پەیوەست بە (منایەتی) (Jemeinigkeit) خود وەک بوونی ئامادە (Dasein) لەبەرچاو دەگرێ، یەکەمین لە بیری فەلسەفی خود، بە چەمکی ئەویدیکە، و بابەتی (مافی ئەویدیکە بۆ ژیان) دەبەخشێ، لەم بارەیەوە بەوتەی لڤیناس، ئەخلاق،سەرەتاو یەکەمینی هەیە بەسەر بووناسیەوە، لەبەر ئەوەی کە پەیوەندی (من) و (ئەویدیکە) بۆ پێوەندی (بوونی ئامادەو) و (بوون) کەم نابێتەوە، لە تێڕوانینی وی لێپرسراوبوون بەرامبەر (ئەویدیکە)، وەک بێبایەخی و کەمی بەهای زهنی خود نییە، بەڵکو بەو هانایەیە کە (من) خودی لە جێی (ئەویدیکە) دادەنێ و لێپرسراوی ئازارەکان، گوناهەکان و رەفتاری باشەو خراپەی ئەو دەگرێتە ئەستۆی خۆی. لڤیناس لێرەدا بنەمای لەجێ دانانی (Subjectum) بە جۆرێک لە پەیوەندایەتی پێناسە دەکاو دەنوسێ: «خود» پاشکۆیە ئەو لە ژێرباری جیهان دایە، بۆیە بەرپرسی هەموو شتێکە بە بڕوای لڤیناس کاتێ کە (خود) دەبێتە جێگرەوەی (ئەویدیکە)، رۆڵی لە پێشدا دیاری کراو نانوێنێ، بەڵکو لەگەڵ (چاکەی) (Bonte) جەوهەری خود لەگەڵ شەرو شەرانگێزی موبارەزە دەکا کە لە بونیش کۆنترە، بە قسەی لڤیناس لە بەرامبەر روخساری (ئەویدیکە) لە (من)دا، دوو هەستی دژ بەیەک دروست دەبێت، هەستی شەرانگێزی (کوشتنی ئەودیکە) و هەستی چاکە (لێپرسراوبوون سەبارەت بە ئەویدیکە) بەڵام روخساری (ئەویدیکە) ئەم یاساو پەیرەوە بە بیری (من) دەهێنێتەوە. ئایدەی (بێ سنور) لای (من) زیندوو دەکاتەوە کە تۆ نابیتە ئەنجامدەری تاوانی کوشتن. بە مانایەکی دیکە (بێ سنور)، من بەرەو (باڵا بوون) دەبات و ئەم باڵا بوونە، لە لێپرسراوی (من) بەرامبەر (ئەویدیکە) کۆ دەبێتەوە.

بەم شێوەیە لڤیناس روبەری (من) و (ئەویدیکە) وەک نیشانەیەکی (ئیلاهی) (epiphanie) دەناسێ و لەگەڵ ترادیسیۆنی فەلسەفەیەک کە لە ئەفلاتۆن تا هیگل، (ئەویدیکە) یان بۆ (منایەتی) خود کەم کراوەتەوە، راستەوخۆ دژایەتی خۆی بەرز دەکاتەوە، لڤیناس لە کتێبەکەی بە ناوی (تەواوەتی و بێ سنوری -Ealite etinfini)، ئەم رێبازە فەلسەفیانە دەخاتە بەر رەخنەو فەلسەفەکەی خۆی بە (ئەبستمۆلۆژی عەشق لە خزمەتی عەشق) ناودەبا، بە وتەی لڤیناس (تەنها ئایدەی«بێ سنور»، عەشق مومکین دەکات) - (بێ سنور بە قسەی خواوەندە و دەرکەوتەی لە بەرانبەر ئەویدیکە). بێ گومان، لڤیناس یەکێ لە نوێنەرانی بەرزی فەلسەفەی سەدەی بیستەمی ئەوروپایە، بەڵام بیری فەلسەفەی ئەو شۆرش و ململانێی ئەخلاقییە، لە دژی ئەو بەڵاو تاوانانەی کە لەم سەدەی بە ناو ئازادی، شۆرش، شوناسی نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی دەرهاتووە، لڤیناس فەیلەسوفی ئاشتی و نەمانی شەرانگێزی و شەرە ئەمەبیرەش بەبراوەی ئەو بەبێ لە بەرچاوگرتنی (ئەویدیکە) و رێز بۆ بوونی (ئەویدیکە) جێبەجێ ناکرێ.

**سەرچاوە: رامین جهانبگلو - مدرنها- نشرمرکز- ١٣٧٦-تهران.**



لڤیناس یەکێ لەدەگمەنترین فەیلەسووفانی ئەوروپایە، کە توندوتیژی بێ حەد و بێ سنووری تۆتالیتارییەکانی سەدەی بیستەمی لە نزیکەوە بینیوە

---

تاهیر عوسمان

بەهۆی پێشکەوتنی سەرجەم بوارە مەعریفیەکان و پەلوپۆهاویشتنی نووسینی کوردی ئەمرۆمان بۆ گشت ئەو بوارو رێبازە ئەدەبی و هونەری و زانستیانە، وارێک دەکەوێ هێشتا وشەو چەمکی کوردی پڕ بە پێستی ئەو چەمک و زاراوە بیانیانە لەبەر دەست نەبن تا نووسەر لە نووسینەکانیدا بەکاریان بێنێ، بۆیە توێژەرو وتار نووسی کورد بە ناچاری پەنا بۆ وشەو چەمکە بیانیەکان دەباو دەیانخاتە توێی نووسینەکەیەوە، جا سەرچاوەی لێ هەڵێنجراوی نووسینەکەو رۆشنبیری لێکۆڵەرەوە هەر زمانێک بێت، ئەوە هەر وەک گووتمان وشە بیانیەکە وەکو خۆی بە رێنووسی کوردی دادەرێژرێتەوە. وە لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی خوێندنەوەو خۆ رۆشنبیرکردنی زۆربەمان زمانی عەرەبییە بۆیە ژمارەیەکی زۆری وشەکانی ئەو زمانە ئاشناو دراوسێتیە دەکەوێتە ناو زمانی نووسینی ئێستامان، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو لێکۆڵینەوەو وتارە مەعریفیانەن کە لە دەرگای رێبازو قوتابخانە هونەری و ئەدەبیەکان دەدەن.

رەنگبێ ئەو هۆیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد بوار بەتوێژەرو نووسەری ئەمرۆمان بدات لە بەکارهێنانی وشەو چەمکە عەرەبیەکاندا ئازاد بێ، بەڵام دەبێ ئەو بەکارهێنانەش درێژ دادڕی تیانەبێ، واتە نووسەر تا زۆر ناچار نەبێ وشەو زاراوە نا کوردییەکان نەخاتە ناو زمانی نووسینەکەیەوە، کە خۆشبەختانە لەگەڵ زمانی نووسینی ئەمرۆی گەلە موسڵمانەکانی وەکو خۆمان زۆر پاراوەو بەچاکی لە بێژینگ دراوە، زمانی کوردی سەرباری ئەو هەموو پیلان وکودەتایەی بۆ لەت کردن و سڕینەوەی مۆرکی رەسەنایەتی دەخرایە گەرو دوژمنان هەموو هەوڵێکیان بۆ لەکەدارکردنی ئەو زمانە شیرینە خستبووە گەڕ، بەڵام خواو راستان نەیانتوانی هیچ زیانێک بە زمانی کوردی بگەیەنن، بۆیە ئەمرۆش لەسەردەمی ئازادیدا جیگای خۆیەتی دڵسۆزانە لەو مەسەلەیە بروانین تا بکرێ لە بەکارهێنانی وشەو چەمکی بیانیدا بە پارێز بین، چونکە شارەزایانی زمان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا دوای تێپەربوونی ماوەیەکی دوورو درێژ بەسەر بەکارهێنانی وشەی بیانی لە زمانی نووسیندا، ئەم ووشانە لە زمانە نامۆکەدا دەتوێنەوەو دەبنە بەشێک لە موفرەداتی ئەو زمانانە نموونەش بۆ ئەمە زمانی فارسیە یە کە رێژەیەکی گەلێک زۆری وشەی زمانی عەرەبی تیایە و بوونەتە بەشێک لە زمانی نووسینی ئەو میللەتە دێرینە.

بۆ ئەوەی ئێمەش رێگە لەو دیاردەیە بگرین و نەبینە هۆی لەکەدارکردنی زمانی نەتەوەییمان پێویستە لەمەڕ ئەو دیاردەیە هەڵوەستەیەک بکەین و تا بۆمان بکرێ بەکارهێنانی وشەو چەمکی ناکوردی لە زمانی نووسیندا کەم بکەینەوەو زیاتر روو لە وشە کوردیە رەسەنەکان بکەین با خوێنەرانیش وا بە هەڵەدانەبەین کەوا بەکارهێنانی ئەم چەمک و وشە بیانیانە نووسینەکەمان بەهێزترو بۆچوونەکانمان راستترو لێکدانەوەکانمان زانستیانەتر دەکات.

چونکە هەرگیز سەرکەوتوویی لێ حاڵی بوونی خوێنەران لە وتارێک- یا لێکۆڵینەوەیەک بە زۆری ژمارەی وشە بیانیەکان ناپێورێ و ئەمە نابێتە هۆی دەست بۆ لە سینگ دان و گەواهی بۆ کردن. نموونە بۆ ئەم حاڵەتەی سەرەوە زۆرەو و لاتان سەیر نەبێ لە تاقە وتارێکی ئەم رۆژنامەیە ئەم هەموو وشە عەرەبیە رەق و وشکانە بەکارهێنراون(مەئزەقێکی-محاکات-هەقیقەت-مەفهومی-دەلالەت-میسالات-تەراتیبی-مومکین-ئیعتیبار-تەئویلی-تۆباویەت-ئیدراک-حەدەس-رەمز). لای خوێنەرانیش شاراوە نییە کەوا دەکرێ چەندین وشەی پاراوو شیرینی کوردی لە جێگای ئەو وشە عەرەبیانە بەکاربهێنین و زمانەکەمان بەم رادەیە بە کۆڵەوارو کەمتوانا نیشان نەدەین کە نەتوانێ مانای ئەم وشە عەرەبیانەی پێ لێک بدرێتەوەو گوزارشی پێ بکرێ بەهەرحاڵ ئەمە دیاردەیەکی سەیرەو پێویستی بەلا لێکردنەوەو چارەسەرکردن هەیە، بەو هیوایەی توێژەرو نووسەرو وەرگێرە بەرێزەکان بەگیانێکی کوردانە لێی بروانن و هەرگیز زێدەرۆیی لەبەکارهێنانی ئەو چەمکانەدا نەکەن بەڵکو بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەک رێگە لە تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە دەگرین و زمانەکەمان لە زیوان و درکەزی وشەو چەمکە بیانیەکان بە تەواوی پاک دەکەینەوە، لەگەڵ ئەوپەڕی رێزو پێزانینێ بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی لەم بوارەدا وچان نادەن و هەوڵ بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە گەورەیە دەدەن و ئەرکێکی نەتەوەیی پیرۆزیش بەجێ دەگەیەنن...